# گەشتێکی دوو هەفتەیی بۆ کوردستان

بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی پرۆژەکانی کۆمەک و بەرجەستە کردن و گوتنەوەی وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان، لەو پرۆژانەدا، لە 3/28 تا 2010/4/12 گەشتێکی دووهەفتەییم بۆ وڵات سازدا.

گەیشتمە فرگەی هەولێر، لەوێندەر کاک کاروان عارف، کە بەر لە سێ هەفتە گەڕابۆوە 28/3/2010 ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی بۆ وڵات، چاوەڕێم بوو. هەمان ئێواریٚ بەرەو شەقڵاوە بەڕێکەوتین. لە گوندی سویدی کە بەرانبەر چیای سەرکەشی سەفینە، لە میوانی چیای سەفین دامەزراین.

«سویدیش ڤیلّج لە شەقڵاوە، کۆمەڵە (ماڵۆچکە)کوخی مۆدێرن و بەستانداردی سویدی دروستکراوە»



29/3/2010

بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ خاتو پاکیزە تەڵعەت، بەڕێوەبەری بەیانی سەعات 9، گەیشتینە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر گشتی و مامۆستا عەبدولجەبار بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتیاری، بۆ گفتوگۆ و باسکردنی کارەکانی کۆمەک « کۆمەک لیژنەیەکی هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا پێکهێناوە، کە خاتو پاکیزە و مامۆستا عەبدولجەبار لەلایەن وەزارەت و کاک ئاسۆس لەلایەن کۆمەک ـەوە، تێیدا بەشدارن. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە ماڵپەڕی کۆمەک www.komak.nu»

30/3/2010

چوینە سۆران، لەگەڵ سەرپەرشتیاری یەکەم لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران، مامۆستا عەلی ڕەسوڵ، سەردانی چەند فێرگەیەکمان کرد. لە فێرگەی ساوێن کاریان لەسەر «تاقیکردنەوەی ڕووپێوی» دەکرد. دواتر چووینە فێرگەیەکی دیکە، ئەم فێرگەیە لە پرۆژەکانی کۆمەک ـدا نییە.

پاشان چووینە ڕەواندز و لەگەڵ بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕەواندز کۆبووینەوە بۆ کردنەوەی پرۆژەی نوێی کۆمەک لەوێ.





31/3/2010

بەیانی سەعات 9 گەیشتینە مەخموور، سەعات 9:30 لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مەخموور، کاک ئاسۆس، سیمینارێکی بۆ مامۆستایان و بەرپرسانی پەروەردە سازکرد، شارەوان (قایمقام) ی مەخمووریش، کاک بەرزان سەیدکاکە و مامۆستا شۆڕش، بەڕێوەبەری پەروەردەی مەخموور، هەروەها مامۆستا عەبدولجەبار و چەند سەرپەرشتیارێکی دەڤەرەکانی، ڕەواندز، سۆران، مێرگەسوریش لەوێندەر ئامادەبوون.



1/4/2010

ئەمڕۆ، سەعات 8:38 دەقیقەی بەیانی لە شەقڵاوەوە چووین بۆ ڕانیە. لەوێندەر، کاک ئاسۆس شەفیق و من، کورتەباسێکمان لە کتێبی سیستەمی فێرکای هاوچەرخ بۆ قۆناخی بنەڕەتی و ڕۆڵی مامۆستا، بە پاوەرپۆینت، وەک وانەیەک بۆ خوێندکارانی دواقۆناخی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی ڕانیە گوتەوە.

ئەم خوێندکارانە، لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن، زۆربەیان دەبن بە مامۆستای قۆناخی بنەڕەتی. بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانیە ئاستی نزمیی زانیاری ئەم خوێندکارانە بوو، زانیارییان دەربارەی زمان و فەرهەنگی کوردی، دین و مەزهەبەکان و

تەریقەتەکان، فەلسەفە و تەنانەت هونەریش زۆر لاواز بوو. دواتر کۆبوونەوەمان لەگەڵ قایمقام و بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕانیەدا کرد.

3/4/2010
کامێرای کوردستان تیڤی هاتە شەقڵاوە، کاک ڕزگار مامە، گفتوگۆیەکی لەگەڵ کاروان عاترف و مندا، بۆ بەرنامە »خێزان و پەروەردە« سازدا.



4/4/2010
ئەمڕۆ، سەعات 11:16 دەقیقەی بەیانی کۆبونەوەیەکمان لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان سازکرد، ئەو ئەندامانەی کە لەگەڵیان کۆبوینەوە، ئەندامی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کە پێکهاتبوون لە، د. عومەر حەمەدئەمین، عەزیمە نەجمەدین، پەیمان عەبدولکەریم، شلێر محێدین و سەروەر عەبدولڕەحمان. د. عومەر باسی هەندێ کاری لیژنەکەی بۆ کردین و باسی لەو برە پارەیە کرد (150 ملیارد دینار) کە پەرلەمان بۆ بنیاتنانی فێرگەی هاوچەرخ تەرخانی کردووە،
کاک ئاسۆس بەکورتی باسی دامەزراندنی کۆمەک، دەربارەی چۆنیەتی کارەکانی کرد، فێرگەکانی، کە لەسەر ڕێبازی کۆمەکن و لە چەند دەڤەر و ناوچەدا هەن، و لەچ ئاستێکدان. هەروەها ئاماژەی بە جەند گرفتێکدا، لەوانە:
1- زۆری فێرخواز و کەمی بینای خوێندگەکان.

2-ناڕێکی و بێبەرنامەیی لە دابەشکردنی مامۆستا، بەسەر فێرگەکاندا.

3-کەمی کاتی خوێندن.

لە گشت ئەم گرفتانەش سەرەکیتر، هەبوونی فێرگە(نزیکەی) لە هەموو گوندێکدا، کێشەیە، چونکە دەبێتە هۆی پەرتکردنی توانای وەزارەتی فێرکاری (پەروەردە) و خەرجێکی زۆر و بەرهەمێکی کەم. فێرگەی واهەیە، ژمارەی فێرخوازەکانی، 5 تا 10 منداڵن. ئەمەش دەبێتە دابڕانیان و تێکەڵ نەبوونیان لەگەڵ منداڵانی دیکە و لە کۆتاییشدا تەنانەت بە کەلتوری نەتەوەکەی خۆشیان نامۆدەبن.
هۆکاری سەرەکی ئەم گرفتانەش دووانن:

1- نەبوونی دەستوری فێرکاری
2- نەبوونی سیستەمی فێرکاری

پێشنیاز و چارەسەرەکانی کۆمەک :

.کۆکردنەوەی فێرگەکان لە ناوچەیەک، واتا هەموو فێرگەکان کە بچوکن یاخود لەیەکەوە نزیکن بکرێن بەیەک-1
.سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی مامۆستایان لە دەڤەرەکاندا-2

.زیاد کردنی کاتی خوێندن بۆ نمونە لە ڕۆژێکدا 6 تا 8 ، سەعات -3
.وەزارەتی فێرکاری و فێرگەکانیش، ساڵنامەی تایبەتی خۆیان هەبێ -4

ئەندامانی لیژنەکە، لەگەڵ بیروبۆچونەکانی کۆمەکدا هاوڕابوون، داواکارییان لە کۆمەک ئەوەبوو، کە ڕەش نووسی دەستوری فێرکاری ئامادەبکات. ئێمەش داوامان لێکردن دەرفەتمان بدەنێ،کە منداڵانی
دوای نیوەڕۆ، چووینە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم و لە گەڵ د.حەمید دەربەندی ((ڕاوێژکاری دێوان)) کۆبووینەوە. هەمان گرفت و .کێشە و پێشنیار و چارەسەریش، بۆ ئەو ڕوونکرایەوە

5/4/2010
کاروان عارف و من، لە بەرنامەی ڕۆژباش کوردستان، کە بەرنامەیەکی زیندییە و لە کوردستان تیڤدا پەخشدەکرێت، .بەشداربووین
.تەوەری باسەکان، دەربارەی کار و پرۆژەکانی کۆمەک و کتێبی پلانی فێرکاری هاوچەرخ، بوون

6-4-2010
سەعات 9 ی بەیانی گەیشتینە مەخموور، لە فێرگەێ بازاڕگەی مەخموور وانەیەکی « فەلسەفە بۆ منداڵان» مـ بۆ پۆلی پێنجەمی .بنەڕەتی گووتەوە، ئەمە یەکەمجارە وانەی فەلسەفە بۆ قۆناخی بنەڕەتی لە کوردستاندا بگوترێتەوە
فێرگەی بازاڕگە لە مەخموور، یەکێکە لە پرۆژە هەرە سەرکەوتووەکانی ڕێکخراوی کۆمەک. ماوەی پێنج ساڵە پرۆژەی پۆلی هاوچەرخ لەو فێرگەیە بەڕێوە دەچێت. هۆشیاری و ڕادەی تێگەیشتن و دەرککردنی منداڵانی ئەو فێرگەیە، لە ئاستێکی زۆر !بەرزدایە و دڵسۆزی و لێهاتوویی و خۆبەخشی بەڕێوەبەر و مامۆستاکانیش، کەم وێنەیە
لە کتێبی «7 وانەی فەلسەفی» وانەی «گوڵفرۆشی» مـ گوتەوە. منداڵەکان وانەکەیان پێخۆشبوو، باش لە ناوەڕۆکی بابەتەکە تێگەیشتن، ڕێژەی بەشداربوونیان لە گفتوگۆکاندا، ڕێژەیەکی بەرزبوو، پرسیارەکانیان ژیرانە بوو، بەگشتی چالاکانە لە .پرسیارکردن و تێبینی و کۆمێنتاردا بەشداربوون

پوختەی وانەکە، گفتوگۆ و بیروڕاگۆڕینەوە و سەرنجەکان، لە شێوەی فیلمێکدا سازکراوە، دەتوانیت فیلمەکە لە بەشی فیلمدا ببینیت. پێویستە سوپاسی ساکان عارف بکەم بۆ ئەو ماندوبوونەی، لە وێنەگرتن و سازکردنی فیلمی ئەو وانەیەدا کێشاویەتی. ساکان .نموونەی لاوێکی بە سەلیقە و لێهاتووە

هەر ئەمڕۆ سەعات 2 ی دوای نیوەڕۆ، چوینە دیداری کاک سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردە، لە نووسینگەی خۆی، لە بەشێکی دیدارەکەدا بە وردی و بە دۆکیومێنت سەرلەبەری پرۆژەی کۆکردنەوەی فێرگەکانی دەڤەری ڕانیە و مەخموورمان خستە .بەردەستی، هاوکات کێشە و چارەسەرەکانیشمان پێشاندا
.وەزیر، هەم ئەو کارەی لا پەسەند بوو هەم ستایشی کار و چالاکییەکانی کۆمەکیشی کرد

 



7-4-2010

ئەمڕۆ سەعات 8 ی بەیانی 50 منداڵی فێرگەی دەڵاڵان و 50 منداڵیش لە مەخموورەوە بەگەشت هاتن بۆ هەولێر. سەرەتا بردمانن بۆ قەڵای هەولێر، دواتر پارکی شانەدەر، پەرلەمانی کوردستان و دواتر بۆ پارکی سامی عەبدول ڕەحمان، ئێوارە، سەعات 7 بەرەو شارەکانی خۆیان گەڕانەوە.

وەک لەگەڵ لیژنەی پەروەردەدا، لە دانیشتنەکەی دوێنێماندا ڕێککەوتبووین، سەعات 12 ی نیوەڕۆ، ڕێگەیان پێداین هەر 50 منداڵەکەی دەڵاڵان ببەینە ناو پەرلەمان. لە هۆڵێکی گەورە دانیشتین، نزیکەی 20 خولەکی خایاند تا ئەندامانی لیژنەی پەروەردە، ئامادەبوون. لەو ماوەیەدا باسی پەرلەمان و پارتەکان و ژمارەی نوێنەرەکانیانمان کرد. منداڵەکان زانیاری زۆریان لەسەر پەڕلەمان و پارتەکان هەبوو.

کە لیژنەکە هاتن سەرەتا د. عومەر بەخێریهێنراین و باسی پەرلەمان و کارەکانی لیژنەی پەروەردەیی بۆ کردین. دواتر دەرفەتی پرسیارکردنی دانێ. منداڵەکان پرسیاری زۆر ژیرانە و پڕمانایان دەکرد، بەتایبەتی لەو بوارانەی پەیوەندی بە فێرگە و فێرخوازەوە هەبوو. گشت پەرلەمانتارەکان بەو توانا و ڕووکراوەیی ئەو منداڵانە، زۆر سەرسام بوون. منداڵەکان پۆلی 5 و 6 ی بنەڕەتین.

 

8-4-2010

بەیانی زوو لە شەقڵاوە بەڕێکەوتین، سەعات 8 گەیشتینە ڕانیە، سەعات 9 لە فێرگەی دەڵاڵان بووین. لەوێندەر وانەیەکی فەلسەفەم

.«کلیکی ئێرە بکە بۆ دیتنی بەشێک لە وانەکە» .بۆ پۆلی شەشی بنەڕەتی گوتەوە
«بابەتی وانەکە: گوڵفرۆشی «بڕوانە کتێبی 7 وانەی فەلسەفی
.تێبینی: بۆ شێوازی چۆنیەتی گوتنەوەی وانەکە، بڕوانە پێشەکی هەمان کتێب
بەگشتی: منداڵەکان زۆر هاوکاربوون، زۆربەیان خوێندنەوەیان باش بوو، لە پرسیارەکان تێدەگەیشتن، وەڵام و سەرنج و کۆمینتارەکانیان ژیرانە بوو، دەرئەنجامەکانی وانەکە جێی بایەخی منداڵەکان بوو. منداڵەکان لە پۆلی چوارەم و پێنجەمدا، کاریان لەسەر چەند پرسیارێکی کتێبی «52 پرسیار» کردبوو، بۆیە ئاشنایەتییان لەگەڵ وانەی فەلسەفەدا هەبوو.



9-4-2010
لە ڕانیە لەگەڵ چەند مامۆستایەکی پرۆژەکانی کۆمەک لە ڕانیە و ژاراوە کۆبوینەوە بۆ گوتوبێژ دەربارەی ئەو بەرنامە تایبەتەی، کە پەیوەستە بە سیستەمی فێرکاری و شێوازی کارکردنی کۆمەک لەم بوارەدا و بڕیارە کوردستان تیڤی بە زنجیرە ئامادەی بکات، تا مامۆستان بۆ خۆیان بڕیار بدەن، کامیان لەو بەرنامانەدا بەشدار دەبن. ئەمە بۆ دەڤەرەکانی دیکەشە کۆیە، هەولێر، مێرگەسور و مەخموور.
.پێشنیوەڕۆ تا درەنگانی ئێوارێ گەشتێکمان بۆ بناری قەندیل ڕێکخست



10-4-2010

سەعات 9:30 بەیانیگەیشتینە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر و لەگەڵ سەرپەرشتیارەکانی پەروەردەکانی هەولێر، کۆیە، مەخموور، ڕانیە، سۆران و مێرگەسۆر ،کۆبوینەوە. دەربارەی شێوازی ڕووپێوی و دەرئەنجامەکانی گفتوگۆمان کرد.



11/4/2010

کاک نوری بێخاڵی و کامێرای کوردستان تیڤی، هاتنە شەقڵاوە و دیدارێکیان دەربارەی گووتنەوەی وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان و کاریگەرییەکانی، لە گەڵمدا سازکرد.

12/4/2010

بەیانی سەعات 9 گەیشتینە، مەخموور، لەگەڵ مامۆستاکانی پرۆژەکانی مەخمووردا باسی بەرنامەکەی کوردستان تیڤی کرا، تا ئەوانیش خۆیانی بۆ ئامادە بکەن و لە ڕۆژی دیاریکراودا چەند مامۆستایەک بنێرن. دواتر سەردانی قایمقامی مەخموورمان کرد.

سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ، چوینە فڕگەی هەولێر، لەگەڵ کاروان عارف و ساکان عارف، لەوێوە بەرو ڤییەنا و نیوەشەویش گەیشتینەوە ئۆسلۆ.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم ناوی، نیشتمان فاتیح، ڕاز ڕەزا، ڕزگار مامە، ساکان عارف و کارزان مەلا، بهێنم. هەر هەموویان ئەرکێکی زۆریان کێشاوە، لە سازکرنی پێداویستییەکان، وێنەگرتن. کارئاسان کردن و بەرنامە ساز کردن بۆ کۆمەک و یارمەتی دانی من، سوپاسیان بکەم.

کەریم مستەفا
ئۆسلۆ
15/4/2010